بەکوردستانیکردنی هەرتاکێکی عێراقی کە بیەوێت لە هەرمی کوردستان نیشتەجێبێت!.. کاوە حەسەن

ئۆگری گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان لە ڕۆژگاری هاتنی هاوڕاتیانی عەرەب یاخوود هەرتاکێکی تر لە ناوچەیەکە و خواروی عێراقەوە بۆ شارۆچکانی کوردستان باسێکی داخی ڕۆژ و گشت فۆرمەکانی میدیای کوردی بۆخۆیەوە سەرقاڵکردووە. ئەم سەرقاڵییەی میدیای کوردی و پلاتفۆرمە جیاکانی سۆشیال میدیا پرسی ئۆگری گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستانی بەسەر دوو بۆڕدا دابەشکردووە.
بۆڕێک نیگەرانی و دڵنگی نارەزایی بەرزکردووەتەوە پێی وایە گۆڕینی دیمۆگرافی کوردستان لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕوو دەدات. لەبەرامبەر ئەم بۆڕیەدا بۆچوونێکی تر هەوڵدەدات لەڕۆگەی پاساوی پەداویستی ئابووری و سەرمایەگوزاریی و وەبەرهێنان بۆ تایبەت لە بواری دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون و فرۆشتنیان بە خەڵکانی عەرەب نیگەرانییەکانی بۆڕی یەکەم بەوەنەتەوە. هەر لە نێو ئەم بۆڕیەی دووەمدا، جار جار باسکان دەکەشێت بۆ بەرچاوتەسکی ناسیۆنالیزمی کوردی و هەڕەشەهاتنی چاویان بۆ پکەوە ژیانی نەتەوەکان لە شارۆچکانی کوردستاندا.
لەم کورتە نووسینەدا ئۆگەر بمانەوێ لەم دوو بۆڕیە حاڵی بین، پێویستە لە نیگەرانیی و پاساوەکانی هەردوو بۆڕکە ووردبینەوە. نیگەرانییەکانی بۆڕی یەکەم ناکرێت بەهەند وەرنەگیرێت چونکو ئۆگەر ئاوەڕێک لە میژووی ئەو ناوچانە بدەینەوە کە سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافی تێیدا ئەنجامدراوە، دەبینین نیگەرانییەکانی ئەم بۆڕیە لەجێی خۆیدایە. کەم نیین ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانەکەی بەگشتی کورد زمان بوون، بەڵام ئەمڕۆ ڕەنگە تاکوترا خەڵکی کوردزمانیان تێدا مابێت. بە نمونە، ئۆگەر چەند ساڵێک بگەڕێنە دواوە و تەماشای شاری کەرکوک بکەین، دەزانین گەرەکەکانی قادسیە و حەی واستی و ڕەی بەغدا و چەندین گەڕەکی تر بوونە مایەی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە، وەئەتوانین چەندین نمونەی ترلەبەردا ڕیز بکەین.
لەهەمان کاتدا، کارەکی زیرەکانەیە کە ئەرگویمێنتی سەرمایەگوزاری

و پکەوە زیان فەرامۆش نەکرێت. ئەم باسە گرنگە چونکو لە کوێی دنیادا بووە تا چاو بپۆشی لە پێداکردنی بژێوی ژیانت لە ڕێگای هەڵبژاردنی شوناسی نەتەوەیی کەیارکانتەوە. ناکرێت تە بتەوێت سەرمایەگوزاری بکەیت، بەڵام مەرجەکت و کاکاکت تەنها بە هاوزمانکانی خۆت بێت. بازاڕ وکار وەک بنەمایەکی سەرەکی بە گۆشکردنی هەر ناوچەیەک دەبێت زەر ئازادانە بچڕخێت بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ تایبەتمەندی شوێنەکان کە کوردستانی باشوور نمونەیەکی زیندووە.

ڕیزکردنی ئەم دوو لایەنە و بەهەند وەرگرتنی هەردوو بەچوونکانیان کارەکە کە پێویستە وامان لێ بکەن بەدوای چارەسەری بنەڕەتی و بەردەستدا بگەڕێین. گرنگە چاو لەو ئەزموونانە بکەین کە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە کێشانە بوونەتەوە یاخوود تاکو ئێستاش ماماڵەیان لەگەڵدا دەکەن.

هەموو دەزانین لە ئاکامی ڕێکەوتنەکانی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، لایەنەکانی نێودووبارە بنیاتنانەوەی عێراق، مەدلی حکومڕانیان لە عێراقدا لەسەر بنەماکانی مەدلی فیدرال دیموکراسی سەریەک خستەوە. ڕاستە لە پرسەی بنیاتنانەوەی حکومڕانی لەعێراقدا، چەندین ساڵ بگرێ تاکو ئەمێش لانی کەمی پایە سەرکیەکانی مەدلی فیدرال دیمکراسی تێدا جێکەوتە نەبووە، بەڵام دەستگرتن بەهەندی چەمکی ئەم مەدلەوە، ڕێنگە ڕێگایەک بێت بە بەرگرتن بە سیاسەت، یاخوود ترسی دیمگرافی گەڕینی کوردستان و شارکانی.

تایبەتمەندیکانی ئەم مەدلە زەرن کە ڕێنگە نەتوانین لەڕێدا هەموویان باس بکەین، وەلی بەئاسانی دەتوانین ئاماژە بەهەندی بوار بکەین کە لەسایەی ئەم مەدلەدا کێکی لە وەرگیراوە بە پاراستن و ڕەزگرتنی دیمگرافی نەتەوەکان و هێکردنیان لەگەڵ یەکتریدا بەبێ هیچ پاوانخوازی نەتەوەیەکی تایبەت. لە ئەمەدا کەندا، ئەمریکا، ئەڵمانیا، سویسرا، نەمسا، بەلجیکا، بەرازیل، مەکسیک و ئەرجەنتین بە ووڵاتانی فیدرال دیمکراسی دەناسرێنەوە. بەڵام ئەوەی زیاتر لەم باسەوە نزیکەو ئەکرێت کێکی لە وەربگیرێت، کەندا، ئەڵمان، سویسرا و ئوستراڵیایە، هەرچەندە ئەم ووڵاتانەش هەریەک بەخۆی تایبەتمەندی جیاوازی هەیە، ئەمە لەڕێدا هەوە دەدەین باس لەو چەمکانە بکەین کە کەمکمان دەکەن لە چەنێتی ماماڵەکردن لەگەڵ پرس و ئاگاری گەڕینی دیمگرافیای کوردستان. دیارە ئەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەم نموونانە ووڵاتی سەربەخۆن و خاوەنی دەستورو سنووری دیاریکراوی خۆیان هەیە. بەڵام ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕێنگە ڕێ خۆشکرێت بە هەندە بەرچاو ڕۆشنی هەردوو لایەنی خەمخۆر ، چی بە ئەوانەی بانگەشەی پاراستنی دیمگرافی کوردستان

دەکەن ، وە چی ئەوانەی کە بەرگری لە هاتنی هاوڵاتیانی عەرەب دەکەن بە گەشەی ئابووری زیاتر و سەرمایەگوزاری لە کوردستاندا.

ئامانج	نوسترالیا	سویسرا	ئەڵمانیا	کەنەدا	بوار
دیاریکردنی ژمارە و جۆری کۆچبەران.	✓	✓	✓	✓	کۆنترۆڵی کۆچبەری
دابینکردنی هێزی کاری پێویست بۆ ئابووری.	✓	بەشێوەیەکی سنووردار	بەشێوەیەکی سنووردار	✓	هەڵبژاردنی کۆچبەران بە پێی شارەزایی و پێداویستی بازاڕی کار
پێش بەدەستهێنانی مافی مانەوەی هەمیشەیی، پێویستە ماوەیەک بە یاسایی بژیت.	✓	✓	✓	✓	مەرجی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی
دانانی مەرجی یاسایی بۆ بەدەستهێنانی هاوڵاتیبوون	✓	✓	✓	✓	مەرجەکانی وەرگرتنی هاوڵاتیبوون
ئاسانکردنی تێکەڵبوون بە کۆمەڵگا و بازاڕی کار.	✓	✓	✓	✓	پێداویستی زمانی فەرمی
دڵنیابوون لە ناسینی دەستور، یاسا و دامەزراوە دیموکراسییەکان.	✓	✓	✓	✓	تاقیکردنەوەی زانیاری شارستانی و یاسایی
پاراستنی مافی یەکسان بۆ هەموو هاوڵاتیان، بێ جیاوازی نەتەوەیی یان ئایینی.	✓	✓	✓	✓	یەکسانی لەبەردەم یاسا
پاراستنی تایبەتمەندی زمانی، کولتووری و میژوویی هەر ناوچەیەک.	✓	✓	✓	✓	فیدرالیزم و دەسەڵاتی هەرێمەکان
پاراستنی مافی تاکەکان لە دژایەتی جیاکاری نژادی، نەتەوەیی و ئایینی.	✓	✓	✓	✓	یاساکانی دژە جیاکاری

ئەم چوار وڵاتە هاوبەشن لەسەر ئەم بنەمایانەن کە ئەکرێت کەمکیان لە وەربگیرێت بە مامەڵەکردن لە گەڵ هاتنی خەڵکی غەیرە کورد بۆ ناوچە کوردستانییەکان:

• تێکەڵبوون (Integration) لە جێی بنەمای نەتەوەیی

• ئەو کەسانەی دەیانەوێت وەکو هەر دانیشتوویەکی بەردەوامی ئەو وڵاتە یاخوود هەرێمە بن کە بۆی چوون دەبێت:

• زمانی فەرمی ئەو هەرێمە یاخوود ئەو وڵاتە فێربن،

• یاسا و دەستوری ئەو هەرێمە قبووڵ بکەن بە باشی ووردەکارییەکانی بناسن،

• وەکو هەرتاکێکی ئەو هەرێمە یاخوود ئەو وڵاتە بەشداری ژیانی مەدەنی بکەن.

• پاراستنی دەستور، (کە دیارە کوردستان تاکو ئێستا نێتوانیوە لە ماوەی ٢٣ ساڵی ئابرووداو دەستوورێک بۆ خۆی پەسەند بکات، وە ئەمە یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکان) و سیستەمی دیموکراسی (کە ئەمیشیان بووەتە قوربانی و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی

نیشتیمانی ، بەرژەوەندی حزب و شایستەبوونی شەرشگێری بوونی هەزی چەکداری حزب تاکو ئێستا بەردەوامە)
• هاووڵاتیبوون تەنها بەسەمی ناسینی ماف نییە؛ بەڵکو بەرپرسیاریەت و پابەندبوونیشە بە یاسا و بنەما دیموکراسییەکانی ئاو هەرەمی یاخوود ووڵاتی تێیدا دەژیت.
• فیدرالیزم و دەستبردن بە مەدلەکی لەم بابەتە تەنها هەبژرانکی هەڵەمکی نییە، ئەم سیستەمە وەک مەدلەکی شیاو بە ئاو ووڵاتانە بە گونجاو بینراوە کە خاوەنی چەند نەتەوەی جیاوازن لە یەک ووڵاتدا کە مافی هەریەک لاو نەتەوانە پارێزراوە لە ڕێگەی ئەمخانەی خوارەوە:
• هەرەمکان مافی پاراستنی زمان، کولتوور و ناسنامەی خەیان هەیە.
• بە نموونە:
• کیبەک زمانی فەڕانسی دەپارێزێت، هاوکات کەمەڵک شایستەی دارای و خزمەتگوزاری تایبەتی فەراهەم کردووە بە فەربووونی زمانی فەڕانسی، لەهەمان کاتیشدا بەربەستی یاسای و دارای زەریش دروستکردووە کە ڕێگە نەدات زمانی فەڕانسی لاواز ببێت. ئەگەر کەسێک بیەوێت زمانی ئینگلیزی فەر ببێت دەبێت خەرجی خەندن بدات و هیچ کەمکێکی دارای پێنادرێت.
• کانتۆنکانی سویسرا زمانە جیاوازکان دەپارێزن.
• هەرەمکانی ئەمانیا بەرپرسیاری پەروەردە و کولتوورن.
ئەم جۆرە سیاستانە زەرجار بە "مەدەلی تێکەڵبوونی مەدەنی" (Civic Integration Model) ناو دەبرێن، واتە تێکەڵبوونکی مەدنیانە دەبێتە ڕێگایێک بە بەهێزکردنی نەتەوەو شوناسی هەمەکە یاخوود ووڵاتێکە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون. لەساو یاساکانی ئەم پرسەیش چی لاو ووڵاتانەی کە باسمان لاوە کردن بریتین لە پابەندبوون بە یاساکان، زمان و بەشداریکردن لە ژیانی گشتی ئاو شوێنەی کە تێدا تاک ژیان دەکات.
ئاشکرایە کوردستان ووڵاتکی سەربەخۆ نییە، وە تاکو ئێستا بە هەزار و یەک شێوە پێویستە بە دەوڵەتی عێراقەوە. ئاشکراشە کوردستان چەندین گرفتی گەورەی تری هەیە کە بەدەستیانەوە دەناڵێت. بەڵام ئەمە بە هەر باسێک یاخوود گرفتێک، کە لەم بابەتەدا باسی مەترسی گەینی دیمۆگرافی کوردستان دەکەین، گرنگە کەک لەدەرس و ئابردووی چەنێتی ئالوگۆرکردن لە دیمۆگرافیای ئاو شوێنانەی کە بەشێک بوون لە کوردستان وەربگرین. ئەگەر تاکو چەند ساڵێک پێش ئێستا لەڕێگەی سیاسەتی شۆڤێنیستانەوە دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقەوە ووردە ووردە ناوچە کوردستانیەکان لەدەست چوون، لە ئەمەدا بە هەی نابوونی بەرچاو ڕۆشنی و بە دەستوری و نابوونی

سیاستی ڕۆشن، ئەم ئاوگۆڕە بەخرایەکی بەربەاو لە لگۆشەندنداید. بەیە زەر گرنگ دوور لە پنابردن بە نژادپرستی ، یاخوود بتنها لبەرچاوکردنی بەرژوندی ئابووری و گشەی بازاو ساغکردنوەی یەکەی نیشتجێ بوون و کشک و باخچەی نیشتجێبوون ، کک لو ڕگاچارانە وربگرین کە لو ووتاتاندا دستیان بە براو بە پاراستنی دیمگرافیا و کلتورو زمانی دانیشتوانە ڕسنکانیان. پویستە هرتاکک کە ڕوو لە شارکانی هرم دکات و دیوت وک مافکی خی ژیان بکات لە کوردستاندا، پویستە ببت بە کسکی کوردستانی ڕز لە زمان، داب و نریت خکی کوردستان و کوردستانیان بگرت، نک پچوانکی.

کاو حسن

سرچاوکان:

Constitution Acts, 1867–1982 (Department of Justice Canada). The constitutional foundation of Canada’s federal system, including the distribution of powers between

Bakvis, H., & Skogstad, G. (Eds.). (2020). Canadian Federalism: Performance, Effectiveness, and Legitimacy (4th ed.). Oxford University Press.

Constitution Acts, 1867–1982 (Department of Justice Canada). The constitutional foundation of Canada’s federal system, including the distribution of powers between

Conradt, D. P. (2013). The German Polity (10th ed.). Rowman & Littlefield.

Hueglin, T. O., & Fenna, A. (2015). Comparative Federalism: A Systematic Inquiry (2nd ed.). University of Toronto Press.

Gunlicks, A. B. (2003). The Länder and German Federalism. Manchester University Press. Galligan, B. (1995). A Federal Republic: Australia’s Constitutional System of Governmen. Cambridge University Press.

Government of Canada – Federalism in Canada. Explains the principles of Canadian federalism, the division of powers, and the roles of the federal and provincial governments.

Linder, W., & Mueller, S. (2021). Swiss Democracy: Possible Solutions to Conflict in Multicultural Societies (4th ed.).

Palgrave Macmillan.
Saunders, C. (2021). The Constitution of Australia: A Contextual Analysis (2nd ed.). Hart Publishing.
von Beyme, K. (2010). The Political System of Germany. Palgrave Macmillan.
Vatter, A. (2018). Swiss Federalism: The Transformation of a Federal Model. Routledge.
Watts, R. L. (2008). Comparing Federal Systems (3rd ed.). McGill–Queen’s University

---

دەزی فەلسەفە 4 : گەمژە(دەبەنگ) ناتوانێت فەلسەفیانە بیربکاتەوە.. ئازاد حەمە

فەلسەفەسازیی کردەیەکی ئاوەزداری قووڵە. ئەمەوادەکات فەلسەفەکردن بریتیبێت لە وردەکاریی ئاقڵکاریی، پرسیارسازیی کراوە و فرەبیرکردنەوە. کەواتە بەڕێ گەوجاندن (دەبەنگاندن)و فەلسەفاندن یەکناگرنەوە، هیچ نابێت لەبەرئەوەی گەمژەکان ناتوانن فەلسەفیانە بیربکەنەوە. لەم بارەیەوە تێگەیشتن زۆر و لەم باسە کورتدا بۆشکیان دەخەینەبەرباس.
سەرەتا دەبێت بزانین بیرکردنەوەی فەلسەفیی چییە؟ئەبێتە کە ئەوەمان زانی ئەوکاتە لەوە حاڵیدەبین بە گەمژە (دەبەنگ) ناتوانێت فەلسەفیانە بیربکاتەوە. بیرکردنەوەی فەلسەفیی کردەیەکی خودیە و خودی فەلسەفەکردنیش ئەزموونێکە لە بیرکردنەوە. بیرکردنەوە، کە فەلسەفیی دەبێت بەهەیەوە فەلسەفەکردن چەکەردەکات. کەواتە، فەلسەفەکردن لەناو بیرکردنەوەدا دەتەدونیاوە و هەنگاوەکانی خێی دەنێت. گرنگیی ئاوەزی مرۆڤیش لەوەدایە، کە سازنەری بیرکردنەوەیە؛ واتە دروستکەری فەلسەفەیە.
بەواتایەکی فراوانتر، دەڵێین: فەلسەفەکردن بگشتی چڕکە بە تێگەیشتن لە خودی چڕی ژیان، لە بەختەوەریی و ئازادیی تاك. دیدگای هزرڤانە گەورەکانی مێژووی هزریش گەواهیی ئەوە دەدەن، کە

فەلسەفە هەمیشە پرسیارە گەورەکانی ناو ژیانی مرۆڤی جووڵاندووەتەوە. بەدڵنیاییەوە کاتێک بیری لێخنەیی لەسەر بنەمای فەلسەفیی قووڵ بێت، هەڵەمەکیی و بێبنەماغە نابێت و دیرەکی هزریی لێژئاوایش لەو بارەیەوە وانەیەکی زۆری پێگوتوینەتەوە.
بیرکردنەوە فەلسەفییەکان لە هیچەوە دروستنابن و ئامانج و پێیامی خۆیان هەیە. ئەوەتا بیرکردنەوەیەک لەگەڵ بیرکردنەوەیەکی تر یان دژێ Anti، یان کەکەPro . لەم ڕێگایەیشەوە بەچوونەکان یەکتر پەسەندەکەن، یان ڕەتدەکەنەوە. ئەمەیش کاری هەمیشەیی فەلسەفە بووە و مێژووی هزری فەلسەفییش بەڵگەیە لەسەر ئەم لایەنە. بەیە چەژی بیرکردنەوە چەژە بە ژیان، ویستە بە تێگەیشتن لە ئازار و ئاڵایی و لە پەرەشیی مرۆڤ بە مانەوە و خەکامەکردن. گشت ئەم گووتنانەش بە کەسی گەمژە(دەبەنگ) هیچ مانا و بەهایەکی نییە. لای خوارەوە ڕوونیدەکەینەوە بە:
گەمژە(گەوج و دەبەنگ) بەتوانا و ناکارزانە لە ئاست بیرکردنەوەی فەلسەفیی. ئەمە دەرئەنجامە، هەکارەکەش ئەوەیە،کە گەمژە ئاشنانییە بە ئامرازەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفیی(شیکارکاریی، ئارگومێنتهێنانەوە، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و...). هەروەها کەسی گەمژە (گەل) توانای گومانکردن و لێکدانەوەی بۆئەندازە لاوازە و چیپەبەڵێیت خۆشباوەڕانە پەسەندیدەکات.ئەمە وادەکات پرسیارسازی ئەو مانایەی بە گەمژە نەبەخشێت؛ بە گەمژە ئاسانە بچەندوچۆن شت وەک خۆی قبووڵبکات.
گەمژە کەسێکی جدی و ووردکار نییە و بەسەر شتەکاندا بازدەدات و خێرا لێیدەبڕێتەوەکات. تەنانەت توانای وەستانی هەستیارئاسایانە و تەماناویانەی لەسەر پرسەکانیش نییە. گشت ئەمانەش دژە فەلسەفەن. لەوە ترسناکتر ئەوەیە گەمژە(گەل) لە گومان دەترسێ و لەبەردەم پرسیارسازیشا لاوازە. سروشتی فەلسەفە وایە،کە هیچ یەک لەو خەسڵەتانەی کەسی گەمژەی لا پەسەند نییە.
کەواتە لێرە دەپرسین: گەمژەکان پێویستیان بە فەلسەفە هەیە؟ ئەبەتە نەخێر. بە گەمژە فەلسەفە نەک بەس پێویست نییە؛ بوونیشی نییە. فەلسەفە چ پێویستدەکات هەبێت،کە هەموو شتە سادە و ڕوونبێت. بەیە بەبێ گومانەوە دەڵێین: ئەرکی فەلسەفە بە پلەی یەک بەرەنگاربوونەوەی گەمژەییە(دەبەنگییە). لەبەرئەوەی لەناو گەمژەییدا بیرکردنەوە بەرهەمهێنەر نییە و سادە و ڕواڵەتییشە. بەیە گەکردنی (نەخێر) بە گەمژە ئاسان نییە. لەبەرئەوەی گەمژە لە دیدگا و بڕچوونی نوێ دەترسێت و ناتوانێت شتە بخاتەسەر خەرمانەی ئەوەی سەبارەت بە دیاردە یان ڕووداوێک دەگووترێت. لەڕەوە دەکرێت ئەوەش بڵێین، کە بە گەمژە(دەبەنگ، گەل) سەختە بپرسێت بە؟

سەرنجدەخینەسەر ئەو لایەنەی، کە گەمژەیی بەئەم زنجیرە باسە گەورەترین تاگەرێیە لەبەردەم فەربوون و پەروەردە. یان گەمژەیی تاقەلایەکە بە خەدزینەوە لە بیرکردنەوە و تاگەیشتن. فەلسەفە،کە دروستکەری بیرکردنەوە و تاگەیشتنە بەرەو فەربوونی ئاقڵ و گومان و ڕەخنەمان دەبات. ئەم وادەکات بڵێین بەابوونەوەی فەلسەفە، یان گرنگیدان بە فەلسەفە لەناو دامەزراوەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئاستی زانین جەراوجەر و قووڵدەکات.
کەسی گەمژە لەبەرئەوەی خاوەنی پاشخانێکی فەلسەفیی یان هزرێکی ئاوەزیی قوڵ نییە ڕێک پێچەوانەی دەخوازانی (شارەزایانی) فەلسەفە لە قسەکردن و گفتوگەدا ڕەفتاردەکات. چۆن؟ کەسی گەمژە دەخوازە بە سادەیی و سەرپێی چارەسەری گشت پرسە سیاسیی و کەمەڵایەتیی و ئابووریی و دەروونیەکان بکات و خاوەنی هیچ بیرۆکە و ئایدیایەکی ئایینددیی نییە. ئەم وایلەدەکات نەزانە هەڵەی لۆجیکی چییە و ڕاستی چۆن لەدایکدەبێت و بە خەڵک خەمی ئەوەیەتیی بگات بە دەرهاویشتە و ئاکام .
بەپێیئەوەی گەمژە بیرچەقبەستوو و بیرکورتە، توانای ڕەتکردنەوەی بەچوون و ڕاڤەی بەچوونی نییە و لەبوردەییەکەشی سادە و کاتییە. هەندە بیرگۆشەگیر و کەنخوازە کە بەئاسانی ناتوانێت پەمانبەڵێت بە ئەم بکەیەن و بە ئەوی دی نەکەیەن. باشە بە گەمژە ئەوەندە نافەلسەفییە؟ لەبەرئەوەی گەمژە هیچ لەسەر ئارگومەنت(بەڵگە)، بەڵگەهێنانەوەی لۆجیکی، هەڵهێنجان، پاساوهێناوەی لۆجیکی و..چی و چی نازانێت. ئەم لایەنانە کە پایەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بیرکردنەوەی لۆجیکیانە دروستدەکەن لە زەینی گەمژەدا مانا و بەهای نییە.
هاوکات گەمژە نافەلسەفییە نەک دژە فەلسەفە. گەمژە نازانێت بە فەلسەفە چی ئەنجامدەرێت بەیە ناتوانێت دژایەتی بکات و بە ئەو چەنوچون و پرسیارکردن و سەکردنەوە لە قسە و گفتووگۆ پەویستناکات، ئیدی ئەو لەڕەوە بە فەلسەفە قەسە بەئەوەی بزانێت ناواخنی فەلسەفە چییە. کەچی لای ئەهلی فەلسەفە مشتومەی ئاوەزیی، مەشقەکی هزرییە، کە بنەما لۆجیکیەکان دەیبەنەوە. بەیە بیری ئازاد و بیرکردنەوەی سەربەخۆ بە گەمژەکان ئەو گرنگییەی نییە.
ئاسەی بیری فراوان و بەرین لە کەسی گەمژەدا بەدیناکرێت. ئەوەی بەدیدەکرێت زەر قسەکردن و چەنابازییە و هیچیتر. سەربارئ ئەوە، دیدگای جیاواز بە گەمژە بەهای نییە. بە گەمژە تەنها ئەوە گرنگە کە ئەم قسەبکەین و بەس، کە قسەشمانکرد بڵێین: (بڵێ). بڵێ تاکە شتە، کە گەمژە لە گووتنیدا زیرەکە. بەواتایەکی دیکە، بیرۆکە و بەچوون بە گەمژە بوونی نییە. ڕاستی هەر ئەوەیە،کە گوتراوە،

گووتنی تر بۆ گۆمژە سەرئەشێ و پووپستناکات.
فەلسەفە سەرقاڵی ڕاڤەکردنی جیهانە، گۆمژێتی سەرقاڵی خۆیەتی. یان بابەتین فەلسەفە باشترین ئامرازە بۆ گۆڕینی جیهان، گۆمژە خۆشی پێناگەڕێت. بۆیە فەلسەفە هەردەم بۆ داهێنانی ئایدیای نوێ و سەردەمیدا سەرقاڵە. فەلسەفە لە خزمەتی مرۆڤایەتییە، لە خزمەتی ئازادی و هاوڕێیەتی و مافە. گۆمژەکان(دۆبەنگەکان، گووجەکان) تەنها لە خزمەتیانن و بەس. هەرچی فەلسەفەیە کار لەسەر ئاستبەرزکردنەوەی فێربوون و پەروەردە دەکات تا ووبەری زانین و فێربوون بەرین و بەسنووربکات؛ بۆیش فەلسەفە لەکۆتاییدا ئاست بە گۆمژەیی(دۆبەنگیی) دادەنێت.

ئازاد حەمە
پرۆفیسۆر لە فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

ئەم بابەتە درێژەی هەیە.....

تابووتی پەیمانی خودا: سیمیۆلۆژیای مەژوو و ونبوونی مرۆڤدا.. نووسینی: لاکۆ محەمەد

گۆمان وەک فەزایەکی ئەپستەمۆلۆژی:
کاتێک باس لە ئەزموونی نووسینی "سەلاح جەلال" دەکەین، بەتایبەت لە گۆمانی (تابووتی پەیمانی خودا)دا، ئەمە لەبەردەم دۆقێکی سادەدا نین، تەنها گۆڕانوێکی لینیاری (هێڵی) بێت بۆ ووداوەکان. بۆکو ئەمە لەبەردەم تێکستێکی کراوەداین مەژوو، لاهووت، ئەفسانە و فەلسەفە لەناو یەکتریدا دەتوێنەوە. ئەم گۆمانە هاوێنەکی جیدیە بۆ هاوشاندنەوەی ئاو چەمکە جگیرانەی مرۆڤی گۆڕهێناتی لەناو بازنەیەکی داخراودا زیندانی کردووە.
سەلاح جەلال لەم بەرهەمدا، فەرمی گۆمان لە کارستەیەکی کات بەسەربردنەوە دگۆڕێت بۆ کارستەیەکی مەدرنی مەعریفی. ئاو لەردا وەک شوێنەوارناسێکی فکری دەردەکەوێت، بۆ دوای ئاو گۆڕ و پیشاندا دگۆڕێت شوناسی ئەمیان پێکهێناوە.

ناونیشان و پارادۆکسی سیمیۆلاکرێ:
ناونیشانی ئەمانەکە (تابووتی پەیمانی خودا) خۆی لە خۆیدا هەڵگری بارێکی سەمانتیکی (واتایی) قورسە. تابووت لە فەرهەنگی ئاینیدا هەمایە بۆ پاراستنی پیرۆزیەکان، بۆ ئەو پەیمانەی لە نێوان دروستکەر و دروستکراودا هەیە. بەڵام کاتێک سەلاح جەلال ئەم چەمکە دەباتە ناو کایەی ئەمانەوە، دەیکاتە دواکەوتنی شوێن پێی ونبووەکان. ئەم تابووتە تەنها شتێکی مادی نیە لە مۆزووداوەن بووبێت، بەڵکو هەمایە بۆ ئەو ئارامی و دڵنیاییە مەعریفیەی مرۆڤی هاوچەرخ لەدەستی داوە. نووسەر لێرەدا پرسیارێکی بنەڕەتی دەوروژێنێت: ئایا مرۆڤی ئێستا لەناو تابووتی مۆزووداوە نۆژراوە، یان مۆزووەکی خۆی تابووتێکی گەورەیە و ئەمەی تەدا زیندانی کراوین؟

زمان لە پەیوەندیەوە بە داهێنانەوەی بوون:
سەلاح جەلال نایەوێت زمان تەنها وەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی زانیاری بەکار بهێنێت، زمان لای ئەو مالی (بوون)ە (بەو مانایەی هایدیگەر دەیکات). زمان لەم ئەمانەدا زمانێکی چەق و پڕ لە میتافەر و وێنەی شیعریە، بەڵام بە ئەوەی لە جیدیەت و فەرمی ئەمانەکە کەم بکاتەوە. نووسەر لە هەگبەی زمانەوە، جۆرێک لە ئیستاتیکای ترس و گومان دروست دەکات. ئەو نایەوێت خوێنەر ئارام بێت، بەڵکو دەیەوێت خوێنەر لەگەڵ هەر هێستەیەکیدا تووشی شکێکی فکری ببێت. ئەم شێوازە لە نووسیندا، بە تەواوی لە شێوازە تەقلیدیەکانی گێڕانەوەی کوردی دوور دەکەوێتەوە و تێدا بیرکردنەوە پێش هەوداو دەکەوێت.

مۆزوو وەک تاقیگەی فەلسەفی:
لەم ئەمانەدا مۆزوو وەک زنجیرەیەک لە هەوداوی هابردوو نابیندرێت. بەڵکو مۆزوو وەک ئێستایەکی بەردەوام ئامادەیی هەیە. نوسەر کار لەسەر هەڵکەینی مۆزوویی داکات. ئەو دەچێتە ناو قووڵایی دەقە پیرۆزەکان و مۆزووە دێرینەکان، نەک بە ئەوەی بیانگێڕێتەوە، بەڵکو بە ئەوەی ئەخنیان لە بگرێت و پرسیاریان دەربارە بکات. ئەم ئەمانە هەوڵەکە بە تێپەڕاندنی ئەو کێت و بەندە مۆزوویانەی ئەگرن لە بەردەم گەشەی ئەقڵی مرۆڤی ئەمە. سەلاح جەلال پەمان دێت تابووتەکە تەنها لە جێگایەکی پیرۆزدا یان لە ناو دەقە کانەکاندا نیە، بەڵکو لە ناو کایە دەروونیەکانی ئەمەدا حەشار دراوە.

کارەکتەرەکان لە قەیرانی بایۆلۆژیەوە بە فەرمی سیبەرگ:
کارەکتەرەکانی ئەمانی (تابووتی پەیمانی خودا) تەنها بکەری مرۆیی لە (گۆشت و خوێن) نین، بەڵکو تێکەڵێکن لە بوونی بایۆلۆژی و

عەقڵی تەکنەلۆژی. سەلاح جەلال لێردا کارەکتەری "سیبەرگ ئاسا" و بوونەوەرە دەستکردەکان وەک میتافۆرێک بۆ قۆناغی شۆڕشی بەکاردەهێنێت. ئەم کارەکتەرانە لەبەردەم پرسیارێکی بوونگەرایی قوواڵدان: ئایا "مانا" لەناو خانەی زیندووەکاندا حەشار دراوە، یان لەناو کۆد و داتاکاندا؟
ئەم تێکەڵکردنە گوزارشتە لە تێپەڕینی مرۆڤ بۆ سەردەمی " پۆست-هیومان" لێردا، هەر کارەکتەرێک نوێنەرایەتی لایەنێکی مرۆڤ دەکات لەبەردەم گەردوون و خودادا، بۆ جارێک جێستە دەبێتە تاقیگەیەک بۆ ململانێی نێوان سروشت و دەستکرد.
گەیانی بەردەوامی ئەم کارەکتەرانە هیچ کەمتر نیە لە تراجیدیای سیزیف. لەم ڕوانگەیەوە " شۆن" دەبێتە ڕەهەندێکی گرنگ تەنها لە جوگرافیادا کورت نابێتەوە، ئەم فرە چەشنییەی کارەکتەرەکان وای کردووە قۆناغی بوون تەنها پەیوەست نەبێت بە ڕووحی مرۆڤەوە، بەڵکو تەواوی ئەو بوونەوەرە نوێیانەش بگرێتەوە لە دەرەنجامی تەکنەلۆژیا و گەنکاریە بایەلۆژیکانەوە هاتوونەتە کایەوە.

میتەلۆژیا وەک ژێرخانی گەیانەوە"
سەلاح جەلال تەنها بەکارهێنەری ئۆفسانە نیە، بەڵکو ئۆفسانەسازە. ئەو مۆژووی ئاینی وەک کەرەستەیەکی خاو وەردەگرێت و لە کورەی فکری خۆیدا دایدەڕێژێتەوە. لێردا تابووت لە مانا لاهوتیەکەی دادەماڕێت و دەبێتە تەمایەکی فەلسەفی بۆ گیان بەدوای حەقیقەتە ونبووەکاندا. ئەم بەکارهێنانە مەدەرنەی میتەلۆژیا، ڕەمانەکە لە گیانەوەیەکی مۆژووی وشکەوە دەگۆڕێت بۆ میتا-گیانەوە"، و خوێنەر لەبەردەم دەقێکدایە باس لە پرسەی دروستبوونی مانا دەکات.

بونیادی پلیفۆنی و میتا-فرەدەنگی، تێپەڕاندنی دەسەڵاتی یەکەهەندی:
یەکێک لە بنەما جوهەریەکانی بونیادنانی دەقە لەسەر بنەمای فرەدەنگی، بەڕام سەلاح جەلال لێردا تەنها لە سنووری چەمکە باختینیەکەدا ناوەستێت، بەڵکو هەوڵی تێپەڕاندنی فرەدەنگی دەدات بۆ ئاستێکی فراوانتر. لەم ڕەمانەدا، ئەمە تەنها گۆبیستی دەنگی ئافرێنەر یان تاکە گوتارێکی زاڵ نابین، بەڵکو دەقەکە دەبێتە مەیدانی ململانێی چەندین ئاستی جیاوازی بوون. کاتێک کارەکتەرە تەکنەلۆژی و بایەلۆژیکان وەک بوونەکی سەربەخۆ دێنە ناو کایەکەوە، دەنگی ئەوان دەبێتە بەشێک لەو هارمۆنیە ئاڵۆزەی کە گوزارشت لە پەرتەوازەی مرۆڤی هاوچەرخ دەکات. ئەمە جارێکە لە تێپەڕاندنی فرەفۆنگی، چونکە چیتر دەنگەکان تەنها گوزارشت لە

کۆسپەتی ناکەن، بەڵکو گوزارشت لە ئۆپێراسیۆنێکی سیستەماتیکی و شێوازە جیاوازاکانی تێگەشتن لە گەردووندا دەکەن. ئەم تەکنیکە وا دەکات ئاستی لەناو دەقەکەدا وەک کەرەستەیەکی پارچە پارچە بوو دەربکەوێت، هەر دەنگێک گۆشەیەکی ئەو تابووتە ونبووە دەبینێت و گۆرانوویی تایبەت بە خۆی بە پێیمانکە هەیە.
تێپەڕاندنی فرەدەنگی لەرەدا بۆ مانایە دەست دەقەکە دەبێتە فەزایەکی کراوە کە تێیدا هیچ دەنگێک ناتوانێت کۆتای بە گۆرانکە بهێنێت، ئەم پەرشوبڵاویە هەڵکەراوەی دەنگەکان، خوێنەر دەخاتە ناو جەرگەی قەیرانی بوونەوە، تا تێبگات مانا تەنها لە هەڵگەی پکەوەژیانی ئەم دەنگە دژبەیەک و جیاوازانەوە دروست دەبێت.

سیمبۆلەژیای شوێن – شکاندنی تەرمەکان:
شوێن لای سەلاح جەلال تەنها پاش بنەمایەک نیە بۆ ووداوەکان، بەڵکو خۆی کارەکتەرە. جوگرافیای هەمانەکە، لە دەوری ناوچە دوورەکان و مەژوویەکی پڕ لە خوێن و ململانێ دەسوڕێتەوە، دەبێتە هەمایەک بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی ونبوون. نوسەر بە وردیەکی سیمبۆلەژیانە کار لەسەر هەماکانی شوێن دەکات. کاتێک باس لە شار، بیابان و تاقیگە دەکرێت، هەر یەکەکیان ئاماژەیەکی فکرین بۆ قەناغێکی مەعریفی. گواستنەوە لە نێوان شوێنە مەژووییەکان و شوێنە خەیاڵییەکاندا، جۆرێک لە سیحری واقیع دروست دەکات، تێیدا سنووری نێوان ئاوەی هەیە و ئاوەی دەبوو هەبێت تێک دەبێت.

شکاندنی تەرم و چەمکە باوەکان:
نوسەر لەم دەقەدا وەک [illegible] دەردەکەوێت. هەمانکە هەوڵێکی بوێرانەیە بۆ ووبەووبوونەوەی ئەو چەقبەستوویە فکرییەی کە کۆمەڵگە هۆژهەڵاتیەکانی گرتووەتەوە.
تابووتی پێیمان لەرەدا دەبێتە میتافۆرێک بۆ هەموو ئەو شتە قەدەغەکراوانەی کە مرۆڤ ناوێرێت دەستیان بۆ ببات. نووسەر هانمان دەدات تابووتەکە بکەینەوە، نێک بۆ ئاوەی گەنجینە بدەزینەوە، بەڵکو بۆ ئاوەی ووبەووی ئەو پوچیە ببینەوە لەناویدایە .

پەرژینی دەروونشیکاری و کارەکتەر:
ئاگەر لە هوانگەی فرەید یان لاکانەوە سێیری کارەکتەرەکانی ئەم هەمانە بکەین، دەبینین ئەوان لەناو قەیرانی ئارەزووەدا دەژین. گۆران بەدوای تابووتەکەدا، لە ڕاستیدا گۆرانە بەدوای باوکی ونبوو یان سیمبۆلی دەسەڵات. کارەکتەرەکان لەناو کۆگەیەکی مینەژکراوی دەروونیدا دەجوڵێنەوە، سەلاح جەلال بە شارەزایەکی زۆرەوە دەچێتە ناو " ناوشیار"ی کارەکتەرەکانی. ئەو نیشانمان دەدات چۆن برینە

مژوویەکان دەبنە گرێی دڕوونی و چۆن ئەم گرێیانە ڕەفتار و بڕیارە چارەنووسسازەکانی مرۆڤ ئاراستە دەکەن.

دیالەکتیکی پیرۆز و پڕۆفان:
یەکێک لە ئاڵۆزترین ڕەهەندەکانی ڕەمانی (تابووتی پەیمانی خودا)، ئەو ململانێیە بەدەنگەیە لە نێوان چەمکی پیرۆز و ناپیرۆزیان دنیایدا دروستی داکات، سەلاح جەلال لێن دەقەدا پیرۆزیەکان لە ئاسمانەوە دەهێنتە سەر زەوی و دەیانخاتە ناو تاقیگەی پرسیارەوە. ئەو نیشانمان دەدات چۆن پەیمانەکان لەناو بڕژەوەندیە سیاسی و مژوویەکاندا دەبنە ئامرازی سڕکوتکردن.
نوسەر لێرەدا پەیڕەوی لە هەرمەنتیکای گومان دەکات، واتە هیچ مانایەک لەسەر ڕووکەش وەک خۆی وەرناگیرێت، بەڵکو لە پشتی هەموو هەمایەکەوە، بەدوای دەسەڵات و بڕژەوەندیە شاردراوەکاندا دەگەڕێت.

تەکنیکی تەکست لەناو تەکستدا :
نوسەر شێوازێکی تەکنیکی بەکارهێناوە دەتوانین ناوی بنێین ئەندازەی بەسەروبەری ڕەکخراو، ئەو چەندین ژانری جیاواز تێکەڵ دەکات، ئەمە وا دەکات ڕەمانەکە ببێتە کتێبخانەیەکی بچووک کراوە.
ئەم تەکنیکە تەنها بۆ جوانی نیە، بەڵکو ئامانجێکی فکری هەیە. نووسەر دەوڵەت بەڵێت کە ژیانی ئەمە لە دۆق پێک هاتووە، ئەمە بڕهەمی ئەو دەقانەین پێش ئەمە نووسراون. بۆ ئەوەی خەمان بدزینەوە، دەبێت سەرەتا ئەو دەقانە بخوێنینەوە و پاشان هەڵیانبوشنینەوە. ئەمە ئەو شوێنەیە ڕەمانەکە تێیدا دەبێتە پرسیەکی ڕەشنبیری نێک تەنها چۆڕگرتن.

پارادۆکسی دزینەوە و ونبوون:
لە زەربەی ڕەمانە تەقلیدیەکاندا، گێشتەکە بۆ دزینەوەیەک کۆتای دێت. بەڵام لای سەلاح جەلال کۆتایەکە جۆرێکی تر. دزینەوەی تابووتەکە یان گێشتن بۆ لوتکەی گەڕانەکە، خۆی لە خۆیدا سەرەتایەکی نوێیە بۆ ونبوونێکی گەورەتر. ئەمە گوزارشتە لە نبوونی حەقیقەتێکی ڕەها.
ڕەمانەکە لە کۆتایدا خوێنەر جەدەهەڵەت لەبەردەم ئاوێنەیەکدا، تابووتی پەیمان لە جیاتی ئەوەی پڕ بێت لە گەوهەر و یاسا، پڕە لە بەدنگی. ئەم بەدنگیەش بانگهێشتنامەیەکە بۆ خوێنەر هەتا خۆی مانای بۆ دروست بکات. لێرەدا، سەرکەوتنی خوێنەر دەست پێ دەکات و دەسەڵاتی نووسەر کۆتایی دێت.

ڕۆژنامەی هەولێر – ژمارە (4584)
دووشەممە – 27/7/2026

تەعریب، ستراتیجی پشیلەی مردوو.. ئەحمەد ڕەسوڵ

ئەم ماوەیە بابەتی بەعەربکردنی کوردستان، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیاڵ میدیای کوردیی تەنیوە.
بە پارلەمانتاری خانەنشینکراوی کوردستان و عێراقەوە، بە وەزیری خانەنشینکراوی کوردستان و عێراقەوە، بە نووسەر و شیکارەوەی سیاسییەوە، بە ئەکادیمیی و مامۆستایانی زانکۆوە، بە سەرمایەدار و بازرگانەوە، بە کادیری حزبیی و تەنانەت بە میدیاکارەکانیشەوە، پێکەوە کە ڕاستەوخۆ سەر بە دوو حزبەکەی کوردایەتیین یان بە ناڕاستەوخۆ و بە دەستی دوو و سێ و لە سەبەردا سەر بە ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی دوو حزبەکەی کوردایەتیین، باسی تەعریبکردنی کوردستان دەکەن.
ئایا تەعریبی شارەکانی کوردستان، وەکو شۆشگەکانی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەمە و ئەم ماوەیە دەستپێکردووە یان ئێستا گەیشتبێتە بەرزترین ئاستی خۆی؟
واتا ئەگەر پرسێک بە ناونیشانی "بەعەربکردنی کوردستان" هەبێت! و کەمترین بۆی ڕەوایەتی! هەبێت، یەکەم پرسیاری هەرە سادە کە لەبەردەم پرسەکەدایە، ئەوەیە، ئایا بەعەربکردنی کوردستان، لە کەیەوە دەستپێدەکات، ئەم چەند ڕۆژ و مانگەی ڕابردوو ڕوویداوە و لە پێ وەکو پرسێکی گرنگ! و چارەنوسساز! هاتووەتە بەردەممان؟
وەڵامەکەی ئاشکرایە، نەخێر. ئەو دیاردەیەی کە تیرۆریسەنەکانی! ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی باسی دەکەن و بە تەعریب ناوی دەبەن و هاواریان لەبەرز بووەتەوە لەبارەیەوە، لە چەند ڕۆژ و مانگی ڕابردووەوە نییە و لەپێ نەبووە.
ئەی کەواتە بۆچی ئەو بەڕزانە لە پێ بیریان کەوتەوە؟!
ئایا ئەوەی ناودەبرێت بە تەعریب، چەن و لە کەیەوە دەستپێکردووە؟
پرسەی هاتنی بە لێشاوی خەڵکی عەرەبی ناوچەکانی ناوەڕاست و هەندێک لە ڕۆژئاوای عێراق و هەندێکیش لە خەڵکی شارەکانی موسڵ و

سەلاحەدین و دیالە لە دوای کۆتنی ژمی دەسەاتداری بەعسەو لە عیراق لە سای ٢٠٠٣ و سەرتاکی دەستپەدکات و لە دوای شپەلە تونەدوتیژیەکان و نائارامیەکانی ناوەاستی عیراق و ناوچە سوونەنشینەکان لە سانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ وە زەر زیاتری کرد، بەهی ئەوی کە هەشە لەسەر گیان و کار و ژیانیان هەبوو. هەروەها لە دوای سەرهەدانی داعش "دەوەتی ئیسلامی لە عیراق و شام" و کۆتنی موسڵ و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن ئەبوبەکر بەغدادیەوە لە سای ٢٠١٤ گەیشتە بەرزترین ئاستی خی و تا نزیکی سێ سانک دواتر، ئەو کچە بەلەشاوی خەڵکی عیراق هەر بەردەوام بوو.
لە دوای سای ٢٠٠٩ وە و ئەو جگیریی و ئارامییەی گەایەوە بە بەشارکانی ناوەاست و ڕۆژئاوای عیراق، بەشی زەری ئەو عیرانەی پەنایان هێنابووە بەر شارکانی کوردستان، گەانەوە بۆ شار و ناوچەکانی خیان.
هەروەها بەشی زەری ئەوانەش کە لە دوای کۆتنی موسڵ و بە دەستات گەیشتنی داعشەوە هاتبوون بۆ شارکانی کوردستان، لە دوای ڕووخانی خەلافەتە ئیسلامییەکەی داعش و ئەبوبەکر بەغدادیەوە بە پەسەیەکی درۆژخایەن گەانەوە بۆ شار و ناوچەکانی خیان.
بە کورتی هەموو ئەو عیرانەی کە بە کچی بەلەشاو بۆ هەکاری نائارامیی هاتنە کوردستان، گەانەوە بۆ شار و ناوچەکانی خیان تەنیا بەشەکی زەر کەمیان بۆ هەکارەک یان پتر، لە کوردستان ماونەوە.

ئەوی ئەستا باسدەکرێت، ئەوەیە کە گوایا پەسەی بەعیربکردن لە ڕەگەی کەینی یەکەکانی نیشتەجێبوونەوە بەڕەوەدەچێت، لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی بەڕێندەرەکان و سەرمایەدارانەوە کە دەگەنیان تەدایە لە نەو سەرمایەداران و بەڕێندەران، هاوبەشی دەسەاتدارەک نەبێت و پڕۆژەی نیشتەجێبوونەکەی وەکو ڕەگەیەک بۆ سپیکردنەوەی سامانی گوماناویی و سەرچاوەنەزانراو بەکارنەهێنابێت.
واتا کاتەک سەرمایەدارانی کوردستان لەپەناوی قازانج و بەدەستهێنانی دارایی تایبەتی خیاندا، هەموو کوردستان نقوم دەکەن لە پڕۆژەی یەکەکانی نیشتەجێبووندا کە بەشەکیان پارە سپیکردنەوەی تاانچێتیی دەسەاتدارانن کە داهاتی گشتی کوردستانیان هەڵوشیوە و بەردەوامیشن "ڕەنگە ئەگەر بەم بەشەکی زەر لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لەو جۆرەی سپیکردنەوەی پارەن، هەر نەبێت"، دەن لە پەناوی ساغکردنەوەی یەکەکانی نیشتەجێبوونی خیاندا بە بەیاری دەستەی وەبەرهێنان کە دیسانەوە بەیاری هاوبەشی دەسەاتداران و سەرمایەداران خیانە، بەیار دەدرێت ئەو یەکەی نیشتەجێبوونانە

بفرۆشرێن بە خەڵکی عەرەب، ئایا ئەم پرسیارە نیشتەجێکردنی خەڵکی عەرەب لە کوردستان جگە لە کاری دەسەڵاتداران و سەرمایەداران کێیە؟ هەبەت کە ئەو دەسەڵاتداران و سەرمایەدارانی هاوبەشیانن کە یەکێی نیشتەجێبوونیان بە خەڵکی عەرەب دروستکردووە و پێیان فرۆشتوون و دەفرۆشن.

ئێستا با بپرسین تەعریب چییە؟

تەعریب، بریتییە لە پرۆسەیەکی بەرنامەڕێکراو و پلان بۆ دانراوی تەنگپەهێچنین و ناچارکردنی خەڵکی سەر بە نەتەوە و ئیتنیک و کەمینە زمانیی و ئاینییەکانی دیکەی عێراق جگە لە خەڵکی سەر بە نەتەوەی عەرەب، بە کۆچکردن و بەجێهێشتنی شوێنی ژیان و زێدی باب و باپیرانیان و لە جێگایاندا نیشتەجێکردنی خەڵکی عەرەبی شار و ناوچەکانی دیکە بە ئامانجی گۆڕینی دیمۆگرافیای شار یان ناوچەکە. ئەم پرۆسەیە بە سەرپەرشتیی دامەزراوە دەوڵەتییەکان و سوپا و دەزگا ئەمنیی و هەواڵگرییەکان بەڕێوەدەچوو هەروەکو لە سەردەمی ڕژێمی بەعسی دەسەڵاتداری پێشوو بە ماوەی چەندین دەیە ئەنجامدرا.

جا لێرەدا باسەکەی ئەمە لە بارەی کوردەوەیە. واتا پرۆسەی بەرنامەڕێکراو و پلان بۆ دانراوی تەنگپەهێچنین و ناچارکردنی خەڵکی سەر بە نەتەوەی کورد و کورد زمان، بە جێهێشتنی شوێنی ژیان و زێدی باب و باپیرانیان لە ناوچەکانی ئەوەی ناودەبرێن بە "ناوچە کێشە لەسەرەکان – جاران، هەروەها بە زمانی عەرەبیش "مناطق متنازع علیها" کە لەو دەستوورەی عێراقدا هاتووە کە هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە کاتی خۆیدا خەڵکی کوردستانیان ئاگاستەکرد و هاندا لە ڕاپرسییەکی گشتییدا دەنگی پێبدەن و هەر ئەوەش ڕوویدا" و "ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم – ئێستا و لە چەند ساڵێک پێشتریەوە" وەکو کەرکوک، خانەقین، جەڵەولا، … هتد و لە بەرانبەردا نیشتەجێکردنی خەڵکی سەر بە نەتەوەی عەرەب لە جێگایاندا کە لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە دەهێنران بە شێوەیەکی دەزگایی و سیستماتیک بە سەرپەرشتی دەوڵەت.

واتا پرۆسەی تەعریب ناچاریی و لە ژێر فشاردا بووە و لەو ناوچانە بووە کە دەسەڵاتدارانی هەرێم بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا و بە گوێرەی دەستوور ناویان لێناون ناوچە کێشە لەسەرەکان.

بەڵام ئاشکرایە ئەوەی ئەو بەڕێزانەی بانگەشەکارانی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی باسی دەکەن، ئەو ناوچانە نیین، بەڵکو مەبەستیان لە چوار پارێزگا و چوار ئیدارە سەربەخۆکەی هەرێمی کوردستانە. ئایا دەکرێت و ڕاستە، پرۆسەی هاتنی خەڵکی عەرەب و کێشانی یەکێی نیشتەجێبوون لە شارەکانی کوردستان بە تەعریب، یان بە عەرەبکردن ناوببرێت.

هۆیەت کە ناوبردنی پرسی هاتنی خەڵکی عەرەب بۆ کوردستان و کەینی یەکەی نیشتەجێبوون، بۆ تەعریب هۆیە و هیندی مەبەستکی ئایدیۆلۆژییە، هیندە ناونانکی دروست نییە.
بۆچی ناوبردنی ئەم پرسیە بۆ تەعریب، هۆیە؟ لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:
یەکەم: ئەم پرسیەک نییە لە ژێر دەسەاتی دەوڵەتکی داگیرکەری بگانەدا ڕووبدات، بەکو لە ژێر دەسەاتی دەسەاتدارێتییەکی کوردیی خەماییدا، ڕووبدات. ئایا هیچ دەسەاتدارێتییەک هەیە لە قەڵەمڕەویەکیدا دژ بە میللەت و نەتەوەکەی خۆی، پرسەی گۆڕینی دیمۆگرافیی بەڕەوبچێت؟ ئەگەر وەاهامی ئەم پرسیارە نەخەڕە، کەواتە هەر لە بنەماوە پرسیەک بە ناوی تەعریب لە گۆڕێ نییە و ئەگەریش وەاهامکەی بێهودەیە، ئەوا لایەنی تاوانبار، دەسەاتدارێتییەکەی کوردایەتییە نەوەکو عەرەب یان عێراق.
دووەم: ئەم پرسیەک نییە بەسەرپەرشتی دەوڵەت و دەزگاکانی، بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژکراو و پلان بۆ دانراو بۆڕەوبچێت، بەکو هۆکارەکیە و هیندەکیان دوای ماوەیەک یەکەی نیشتەجێبوونکەیان دەفرۆشنەوە.
سێیەم: لەم پرسیەدا هیچ کەسکی کورد ناچار نەکراوە بۆ هەرزانفرۆش یان چۆڵکردنی خانوو و ماڵکەی یان لێی زەوت و داگیرکرابێت و ناچار بۆ جێهێشتنی شار و ناوچەکەی خۆی کرابێت.
چوارەم: دەوڵەتی عێراق پارەی نەداوە و پاشتیی دارایی هیچ کەسکی عەرەبی نەکردووە و هانی نەداون لە ناوچە و شارکانی ناوەڕاست و باشووریش بۆن و لە شار و ناوچەکانی هەرێم نیشتەجێبن، هەروەکو لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەدا ژمارەی بەعسی دەسەاتدار دەیکرد.
بۆپچەوانەوە، ئەوەی ئەو بەرەزانە بۆ تەعریبی ناوی دەبۆن، دەسەاتدارێتییەکەی بزووتنەوەی کوردایەتییە کە هەموو ئاسانکارییەکی یاسایی کردووە و هاندانی زۆری هەیە هاوشانی بەرەندەران، کەمپانیاکان و ژوورەکانی بازرگانیی و پیشەسازیی و یەکەتی بەرەندەران، لەژێر ناوی بووژانەوەی کەرتی گەشتیاریی و جووڵەی ئابووریی و بازاڕ.
پێنجەم: ئایا ژمارەی هاتنی عەرەب و کەینی یەکەی نیشتەجێبوون و جێگیربوونیان لە شارکانی هەرێم، هیندە زۆرە، کە کاریگەرییەکی گەورەی هەبێت و ڕەژیەکی هیندە بەرز بێت کە مەترسی گۆڕینی دیموگرافیی شارکانی هەرێمی لە نێو خۆیدا هەڵگرتبێت. من هیچ ئامارێکی ورد و ڕاستەقینە شک نابەم. وا دەزانم ئەو بەڕێزانەش کە هاواریان لەبەرز بووەتەوە، ئامارێکی ورد و ڕاستەقینەیان

لە بەردەست نەبێت.
ئەگەر ئامارەکیش لە بەردەست نییە، ئایا لە بازاڕەکانی شارەکانی هەرێم، پرسیاریان کردووە و گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە لە هەر خاوەن ١٠٠ دوکان و مۆڵ و باڵەخانەی بازرگانیی و تەنانەت خانوو و شووقەیەکیش، یەکێکیان کەسێکی عەرەب بێت و ئەمەش ترسی گەورەیی دیمۆگرافیی دروستکردبێت لەلای ئەو بەڕێزە نەتەوەپەروەرانە!
شەشەم: تەعریب چۆن دەکرێت، لە کاتێکدا ئەوانە سوودێت قەید و کارتی نیشتمانیی و هەموو بەڵگەنامە فەرمییەکانی دیکەیان لە شارەکانی دیکەی عێراق نەوەکو شارەکانی هەرێم. لە کاتێکدا، نە مافی دەنگدان و ئاپرسیێکی گشتییان لەرە لە هەرێم و شارەکانی هەیە و دەبێت. نە دەتوانن نوێنەرایەتیی و بەژێی نوێنەرایەتیی لە پەرلەمان و دەزگاکان بدەستبهێنن.
ئایا ئەم خاڵانەی سەرەوە و چەندین خاڵی دیکەش کە دەکرێت لێیز بکرێن، بەس نییەن بۆ ئەوەی کە بانگەشە و هاواری بەعەرەبکردنی شارەکانی هەرێمی کوردستان، پووچەڵ بکەنەوە و بە بانگەشەیەکی ئایدیۆلۆژیی و سیناریۆیەک لە کاتێکی دیاریکراودا و بە هەندێک ئامانجی تایبەتی سیاسیی و حزبیی، دایبنێین و لێکیبدەینەوە!
خاڵێکی تریش کە لەرەدا پێویستە بەبیر ئەو بەڕێزانەیدا بهێنینەوە، ئەوەیە کە یاساکان و بڕیار و ڕێنماییەکانی وەزارەتەکانی هەرێم "لەوانە ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، ناوخۆ و دەستەی وەبەرهێنان" ن کە ڕێگەیان بە وەها کارێک داوە و یاسایی و بڕگرفتە. هەروەها یاساکانی عێراق و دەستوورەکەشی ئەو مافەی بە هەموو عێراقییەکان داوە کە ئازادن و دەتوانن لە هەر شوێنێک، ناوچەیەک و شارێکی عێراق نیشتەجێ ببن و مافی کڕین و خاوەندارێتییکردنی خانوو و زەوی و دوکان و باڵەخانەیان هەیە. ئەمە بە هەموو عێراقییەکان مافی هاونیشتمانییبوونە، بەبێ جیاوازی نەتەوە و دین و زمان و ئیتنیک، مافێکی بنەڕەتییە.
ئایا ئەوە ئەگەر ئەمە بە تەعریب دادەنرێن، دەتوانن یاساکانی هەرێم و عێراق بگۆڕن و ئەو مافەی هاونیشتمانییان نەهێڵن! ئایا کە ناتوانن ئەوە بکەن، دەتانەوێت لەم هەڵەیە و هەنگاوەیە چی سوود ببینێت! دەتانەوێت بە ئاڕاستەکردنی ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان، دژایەتیی عەرەب و بێغدا بکەن و دواتریش لە عێراق جیابنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ پێک بهێنن؟! ئایا ئەمە دەکرێت؟!
من نازانم ئایا بڕیاستی ئەمەتان دەوێت و کاری بە دەکەن یان نا! بڕیام تا ڕادەیەکی زۆر لەوە دڵنیام کە هەموو ئەو کەڵەگۆرەیە، پێکەوە و لەم کاتەدا، جگە لە تاکتیکێکی دیکەی دەسەڵاتدارانی خەڵکی کوردایەتیی و ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی چیتر

نییە کە توانیویەتی لە ڕۆژگاری دەستی یەک و دوو و سێوە لە ڕۆژگاری کۆمپانیاتییە هەما بە کراوەکانی پشتڕاوە و بە وەگەڕخستنی ئیمپراتۆرییەتییە میدیاییەکیان مۆدێلایزی بۆشکی گۆڕەی دەستبژێر "ئیلیت" ی سیاسیی، ڕووناکبیریی، ئەکادیمیی و میدیایی کۆمەڵگای ئەمە بکەن و بیانخەنە خزمەت ئەجێندا کانی خۆیانەوە.
ئێستا با باسی "ستراتیجی پشیلەی مردوو" بکەین و دواتر دەینەوە سەر باسەکە بۆ تێکهەڵکێش لەگەڵ ئەم ستراتیجێدا.

ستراتیجی پشیلەی مردوو (Dead Cat Strategy)*

(با وەهای دابنێین کە تۆ لە گفتوگۆیەکدا خەریکە دەدەنیت، ڕاستییەکان بە شێوەیەکی سەرسەختانە دژی تۆن و تاکێک زیاتر سەرنجیان لەسەر واقیع بێت، بۆ تۆ و کێسەکەت خراپترە. باشترین گرۆو لەم بارودۆخانەدا ئەوەیە کە مانۆڕێک ئەنجام بدەیت، کە ستراتیجیستێکی سیاسیی و کۆمپێنکارێکی گەورەی ئوستوڕالیی بە ناوی "لینتن کێسبی"، چارەی دۆخەکە بەم شێوەیە باس دەکات: "فەڕەدانی پشیلەیەکی مردوو بە سەر مێزەکە" چارەسەرکەیە.
ئەم کارە لەبەر ئەوەیە کە شتێک هەیە کە بە تەواوی لەی دەنیایە، لە فەڕەدانی پشیلەیەکی مردوو بە سەر مێزی ژووری نان خواردن، مەبەست ئەوە نییە کە خۆک تووڕە ببن، زەنگ لەبدەن و بەزار ببن. ئەوانە ڕاستن و دەرئەنجامن، بەڵام مەبەستەکە ئەوە نییە. بەڵکو خاڵە سەرەکییەکە ئەوەیە کە هەمووان ڕاستەوخۆ و دەمودەست هاوار دەکەن "پشیلەیەکی مردوو لەسەر مێزەکەیە!"؛ بە واتایەکی تر باسی پشیلە مردووەکە دەکەن، ئەو شتەی کە تۆ دەتەوێت باسی بکەن و باسی ئەو بابەتە یان بابەتانە ناکەن کە لە دژی تۆن و پێیان نیگەرانیت.)**
واتا ئیتر باسی ئەو بابەتە یان بابەتانە ناکەن کە تۆیاندا لاواز و دڕاویت و نیگەرانیت بە باسکردنیان. کەواتە هەمووان پێکەوە، هەم لایەنگرەکانت و هەم ڕکابەرەکانت و نەیارەکانت، باسی ئەو بابەتە دەکەن کە تۆ پێشنیارت کردووە و خستووتەتە بەردەمیان و بەمەش باری لاری خێت ڕاست دەکەیتەوە.
ستراتیجی پشیلەی مردوو، لە نەو چەوەی سەرقاڵکردنە سیاسییەکان و دابەشکردنی کۆمەڵگای سیاسیی و گۆڕینی ئاڕاستەی بابەتە سیاسییە بەرهەمهێنراوەکان یان دروستکراوەکان "مانیفاکتۆرکراوە سیاسییەکان" وەکو تاکتیک "Tactic" هەژمار دەکرێت.
دەسەڵاتدارانی سیاسیی و کارگێڕیی لە پلەی باڵادا پەنا دەبەنە بەر ستراتیجی پشیلەی مردوو وەکو تاکتیک لە کاتێکدا کە

گەندەڵیی کانیان، سەروەت و سامانی سەرچاوە نەزانراو و گوماناویان، ناپاکیی نێوەیان، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتیان، یان شکستی بەرەوبردن، یان قەیرانی ئابووریی و سیاسیی و کارگێڕیی یان سەرکوت و ستەمکاریی کەیان دەبێتە گفتوگۆی گشتی کەمەگا یان بابەتی گەرمی ئاگڕیاندن و بابەتی چالاکیی کانی توژی چالاکوانان "ئۆکتیڤیست" ی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و شیکەرەوە سیاسیی کان و تەنانەت بابەتی گفتوگۆی ڕۆژانەی هاونیشتمانیان لە ڕووبەری گشتی کەمەگادا.

لەڕەدا ئەم دەسەڵاتدارانە بە ئامانجی گەیینی ئاستەی باری سەرنجی فەزای گشتیی و دەستبژێری سیاسیی و ڕۆشنبیریی و دواتریش تاکە تاکەی هاونیشتمانییان، پشیلەی مردوو، وەکو بابەتێکی هەستیار و سەرنجڕاکێش، فڕێدەدەنە نێو فەزای گشتییەوە لە ڕێی ئاگڕیاندنەوە کە بە ئەمەش کۆمەڵێک لە بکەرە ئاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی خەیان ئادەسپێرن و بابەتەکە لە ڕوانگەی جیاوازەوە و لە ڕوانگەی کەسایەتییە جیاوازەکانەوە دەخەنە سەر مێزەکە و بەردەمی ئای گشتیی و کۆمەڵگا. لەڕووە ئەم بابەتە سەرنجڕاکێش و هەستیار و ناسکە لە کاتێکدا دەوروژێنن کە ئەکتەر و نەیارەکانیان نەتوانن کەمترین پێشگیری لێبکەن و تەنانەت تا ئەو ئاستەی کە ئەکتەر و نەیارەکانیشیان هەستی پێناکەن و دەبنە بەشێک لە یارییەکە و مشتومڕەکە.

واتا پشیلەی مردوو، تاکتیکی لابردنی تەرکیز و سەرنجی خەڵک و دەستبژێری سیاسیی، فەرهەنگیی و مەدیایی و تەنانەت هاونیشتمانییانە بە ئەکتەر و نەیارەکانیشەوە لەسەر ئەو ئاستییانە و ئەو بابەتە واقعییانەی کە دەسەڵاتداران نیگەرانن لە باسکردنیان و لاواز و دەماون تێیاندا، هەروەها ئاکشانی تەرکیز و سەرنجی هەموو ئەو گشتییە بە بابەتێک کە دەسەڵاتداران تێیدا سەلامەتن و تەنانەت نەوەکو تەنها سەلامەت بەڵکو هەژموونگەرن تێیدا، واتا بابەتێک و کاریگەرییەکانی لە ژێر هەژموونی دەسەڵاتداراندایە و بە ئەمەش هەمووان ناچار دەکەن، ناچارکردنێکی تاکتیکی و ناراستەوخۆ، لەسەر ئەو بابەتە قسە و گفتوگۆ بکەن کە لە بەرهەمهێنراو و دروستکراوی سیاسیی ئەوانە.

ئێستا ئەگەر وردبینەوە لە هەڵا و هەنگامەی مەدیا و سۆشیاڵ مەدیا لەبارەی بەعەرەبکردنی شارەکانی کوردستانەوە، تەدەگەین دەسەڵاتدارانی خەڵی کورداێتیی چەن لە ڕوانگەی وەکیلەکانیانەوە، لە نێو نەوەندی ڕوناکبیریی و نەوەندیی سیاسیی کوردستاندا چەن هەموو ئەو کەسانەی بەکارهێناوە کە لە نێو چەوەی ئایدیاڵیزمای کورداێتییەکەی دوو حزبخڕەکەی کورداێتییدا جێگا دەگرن.

سەرنجبدە، چۆن پشیلەی مردووی بەعەرەبکردنی شارەکانی کوردستان، بەشەکی زەر لە چالاکوانانی مەدەنیی، نووسەران و شیکەرەوە سیاسییەکان، نەوەندی هۆناکبیریی، ئەکادیمیی، فەرهەنگیی و کەناڵە جەراوجەرە مەدیاییەکان و سەشیاە میدیاشی بەخێوە سەرقاکردووە و سەرنجی هەموو ئەو گشتی لەسەر گەندەییە گەورە و خیانییەکی دەسەاتدارانی دوو حزبخەی کوردایەتیی لابردووە، سەرنجی هەمووانی لەسەر قەیرانی دروستکراوی کەمئاویی لەم ساەی باران و ئاو زەرییەدا کە هەموو پەند و بەنداوەکان پە بوون لابردووە، سەرنجی هەمووانی لەسەر قەیرانی گەورەی کەمیی و نرخ گرانیی بەنزین و غاز و نەوت و مووچە و دروستکردنی ئاستەنگییەکانی بەردەم مووچەی خەکی کوردستان لەلایەن دەسەاتدارانی هەرەمەوە لابردووە.
لابردنی سەرنج لەسەر جیاکاریی ناوچەیی لە هەرەم. لابردنی سەرنج لەسەر زیندانییکردنی ەەژنامەنووسان. لابردنی سەرنج لەسەر بەکارەبایی و بەەام لە هەمان کاتدا نرخەکی خیانییی بە کارەبا.
لابردنی سەرنج لەسەر پەکخستنی پەرلەمان و نەمانی بودجە و دیاریکردنی بەە پارەی تەرخانکراو بە شار و ناوچەکان هەر بە میزاج. لابردنی سەرنج لەسەر تەقدیسکردنی بنەماەە و سیمبول و مەژووی خیان. لابردنی سەرنج لەسەر ئەوەی هەر منداەەکی بنەماەەی دەسەاتدار خاوەنی کەشکی شاهانە لە وەاتانی خەرئاوا، خاوەنی زانکە، دەزگای فەرهەنگیی، دەزگای خەرخوازیی، کەناە و دامەزراوەی زەبەلاحی مەدیایی، پاەاوگەی نەوت، بانک و گروپی کەمپانیاکانن.
لابردنی سەرنج لەسەر شکستی سیاسیی و کارگەییی سەراپاگیر.
بەچی پشیلەی مردووی بەعەرەبکردن لەم کاتەدا!
ەاستە قەیرانگەلی پەشتر هەما بەکراو لەمەژە هەن و بەردەوامن بەەام بەەەخستنی دیبەیت، کەە و کەنفەانس بە پشیلەی مردووی بە عەرەبکردنی شارەکانی کوردستان و فەرمانپەدان بە هەموو کەناەە جەراوجەرەکانی میدیا و پەیج و ماپەەە بەشومارەکانیان بە سەبەر و بەرتاوەوە کە بیکەن بە بابەتی هەرە گرنگ و لەپەش، بەچی لەم کاتەدا؟!
بەهەی شکستهەنان لە بەغدا و نەمانی هەژموونیان، هەروەها لەم ماوەیەدا کە هەەمەتی ئەوەی کە ناودەبرەت بە پاکتاوکردنی گەندەییی و دەستگیرکردنی گەندەکاران و دەستبەسەرداگرتنی سامانەکانیان، بەەەودەچەت لەلایەن کابینە نوێیەکەی حکومەتی عەراقەوە و بە پاەپشتییکردنی زەرینەی هاوپەیمانەتیی و هەزە سیاسییەکانی عەراق و هەروەها پشتیوانیی ئەمریکا و خودی ترەمپ لە عەلی زەیدی سەرکەی حکومەتی عەراق، ترسی لە دەی دەسەاتدارانی بنەماەە دەسەاتدارەکانی کوردستاندا دروستکردووە.

ترسی کەمبوونەوەی هێز و هێزموونیان، ترسی لەدەستچوونی بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتیان، ترسی قەناغ بە قەناغ دۆرخستنی گەندەڵیەکانیان و بڕۆ لێژبوونەوەی هاوەڵەوەی دەسەڵات و ملنەدانیان بە بڕیارەکانی بەغدا، هەروەکو لە ئابردوو کردوویانە. ترسی نەمانی پاپشتیی نێو دەوڵەتیی و لە سەروو هەمووپانەوە ئەمریکا. ترسی بە دادگا گەیاندنی هەندێک لە نزیکەکانیان کە ئەمڕۆ خۆ بەخۆ یەکسانە بە شکانی شکۆ و جەبهووتیان کە لە درێژایی سی و ئەوەندە ساڵەی ئابردووەدا لەسەر شکاندنی شکۆی ئینسانی کورد و شکستپێهێنانی سایکۆلۆژیای گشتی کۆمەڵگای کوردیی و ئیرادەی ئینسانی کورد، بونیادیان ناوە.
ترس لە چارەنووسی دەسەڵات و داهاتووی سامانی بێشوماریان کە لەسەر تاڵانکردنی داهاتی گشتیی و وەرانکردنی کوردستان کۆکردۆتەوە.
ئەستا لە ڕۆژگاری پشیلە مردووی بە عەرەبکردنی شارەکانی کوردستانەوە، دەیانەوێت ئۆگری شکانی شکۆی خۆیان یەکسان بکەن بە ئۆگری شکانی شکۆی میللەت و نەتەوەی کورد.
هەر لە ماوەی ئابردووەوە، خاوەنی کۆمپانیایەکی گەیاندنی سەر بە یەکێک لە دوو خێزانە دەسەڵاتدارەکە، سزادانی کۆمپانیاکەی لەلایەن وەزارەتی گەیاندنی عێراقەوە بە سزادان لەسەر کوردایەتیی و کورد و کوردستان، ناوبرد.
ئەوان "دەسەڵاتداران و سەرمایەدارە هاوبەشەکانیان" لە ڕۆژگاری نیشتەجێبوونەوە بە سپێکردنەوەی سەروەت و سامانە گوماناویی و سەرچاوە نەزانراوەکانیان و قازانجی خۆیانیی خۆیان و تێکدانی عیمرانی شارەکان، پشیلەی مردووی بە عەرەبکردنی شارەکانی کوردستانیان وەکو پێوەرێک جەبهجەکردووە، ئێستا دەبێت خەڵکی قوربانیی و ستەملێکراوی کوردستان، شتێ لە دژی بە عەرەبکردن! بڕپا بکات و ببێتە سەربازی خەباتکاری ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی!. دەیانەوێت لە ڕۆژگاری پشیلەی مردووی بەعەرەبکردنەوە، مەبەستایزی ئای گشتیی سیاسیی و خەڵکی کوردستان بکەن بە ئاستەی دژایەتییکردنی حکومەتی عێراق و سیناریۆی پووچ و بێناوەڕۆکی هەڕەشەی خۆجیاکردنەوە لە عێراق و دەوڵەتی سەربەخۆ!
دەیانەوێت نمایشکۆ وەها بکەن، کە ئەوە خەڵکی کوردستانە کە ئەمجارەیان دژی عێراق و خواستی جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە نەوەکو پلان و ئۆکتی سەرکردە سیاسییەکان و هێز و لایەنە سیاسییەکان.
دواتریش ئەم کارتە بەکاربهێنن وەکو ڕۆگەیەک بە ڕۆکەوتن لۆگۆ بەغدا بە خۆ دەربازکردن لە ئۆگری دۆرخستنی گەندەڵیەکانیان و

ئۆگۆری دەستگیرکردن و دادگاییکردنی هەندێک لە نزیک و دەستوپێوەندەکانیان.
لەرووی، تەدگەین خەڵک دەسەڵاتدارەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیی و ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی، دەتوانن تا چەند کاریگەر بن لە ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوەی گشتییدا و هەردەم لەگەڵی بابەتە هەستیار و وروژێنەرەوکانەوە، دەست بەسەر عەقڵی نەوەکو ئاپۆای جەماوەرییدا بگرن، بەڵکو دەستبژێرکانی نەو کایە جیاوازەکانیشدا بگرن لە مەنگەنەی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی خۆیاندا لە قاڵبی بدەن.
پشیلە مردووەکانی سەرانی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی، هێندە زۆرن هەرگیز دواییان نایەت و کەمەگاش هەزار جاری دیکە لە هەمان کونەوە، هەمان مار پێوەی دەداتەوە.

ئەحمەد بەسوە

.....

تێبینی۱: * ستراتیجی پشیلەی مردوو دەگەڵتەوە بۆ ستراتیجیستی سیاسیی ئوستوالیی، لینتن کەسبی.
تێبینی۲: ** ئەو دوو پەرەگرافەی نەوان دوو کەوانەکان، دەقی دوو کورتە پەرەگرافی نەو ستوونکی بەریس جێنسنی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری بەریتانیایە کە لە هەندێک بەشی وتارەکەدا لەبارەی ستراتیجی پشیلەی مردوو دەدوێت، کە لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕەی زۆرلەگرافی بەریتانییدا لە ساڵی ۲۰۱۳ بڵاوکراوەتەوە، کە لە کاتی نووسین و بڵاوکردنەوەی ستوونەکەدا لە ساڵی ۲۰۱۳ ، بەریس جێنسن، پارێزگار "مایەر" ی شاری لەندەن بوو. ئەمەی خوارەوەش لینکی وتارەکەیە:
This cap on bankers' bonuses is like a dead cat – pure distraction

---

*بەردە خەڵک.. شیعرەی شەش عەزیز سورمە

ئێشکەوتی بەرد و سەبەر،
تە ئەمەت کەکردەوە

وەک دایکێک قسەکانی بکاتەوە
لە تاریکترین ساتدا.
جیهانی دڕندەو لەرزی،
زەوی هەناسەی لەدەستدابوو،
بەڵام تۆ کە لە نێو شاخەکاندا شاراوەتەوە،
ئەمەی هەشتەوە
وەک نهێنیەکی کۆن.
بەدەنگیم لێبیرە،
وەک دوعایەک قورس،
و لەدانی دڵەکان
کە هەوێدا گوێی لێ نەبێت.
تۆ لەوێ بوویت، بە جووڵە،
بەڵام وەک بوونەوەرێک زیندووە
کە دەزانێت چۆن مەترسی بناسێتەوە.
دیوارەکانتان هەموو شتەکیان بیستووە:
فرمێسکەکانی ئاگیراو،
ناوە چرپە چرپەکان،
ئەو ترسەی کە هێگەی نەدەدا.
و لەگەڵ ئەوەشدا، لەناو تەدا،
ژیان بەردەنگاری بووەتەوە
وەکو پریشکێک کە لەناو بەردەکەدا شاراوەتەوە.
تۆ تەنها ئێشکەوت نیت،
تۆ یادەوەری پەناگەیەک،
بەهێگەی ئەوەی کە تەنانەت بڕد
دەتوانێت ببێتە ماڵ.

هەر جارێک با دەگەڕێتەوە
بۆ فڕێکردنی ئەو شاخانە،
ناوی تۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت،
و ئەمەش وەڵام دەدەینەوە
لەگەڵ سوپاس و پێزانینی ئەوانەی دەزانن
کە بە بێ تۆ،
مژوو جیاواز دەبوو.

بەردەخرێک ئەو ئێشکەوتەبوو کە شیوازێکی خری هەبوو هی مالی باپیرم بوو لە شارچکەی گەلاڵە لە دەڤەری باڵەکایەتی، کە هەموانی ئێپاراست لە کاتی بەمبارانکردنی سەدامی گوربگەر*

لە نێوان دەسەڵاتی لایەنگران و مافی هاوڵاتیاندا.. ستار ئەحمەد

ئەو دیدگایەی هەوڵ دەدات کەمبوونەوەی کاریگەریی ڕەخنەراو ئامیاریەکان وەک هێشە پشان بدات، لە بنەڕەتدا بەرگریکردنکی ئاشکرایە لە هێشتنەوەی دەسەڵاتی بەسنووری ئەو هێزانە بەسەر تەواوی جومگەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا. ئاستیەکە ئەوەیە بوونی دەستەوەردانی لایەندارانە لە هەموو بوارێکدا، نەبوونتە مایەی ئارامی و ئاوەدانی، بەڵکوو کەمێگەی بەرەو دابەشبوونکی کوشندە و جیاوازیی مەترسیداری ئابووری و کەمایەتی بردووە. کاتێک دەستە و لایەنگران دەست بەسەر هەموو کایەکاندا دەگرن، چەمکی هاوڵاتیبوون بەها سەرەکییەکەی لەدەست دەدات و جێگەی خۆی بە دەستگەری و لایەنگیریی تەسک دەکاتەوە. لە دەخێکی وەهادا، شایستەیی، لێهاتوویی، ئەزموون و زانست نابنە بنەما بۆ دیاریکردنی پێگەی مرۆڤەکان، بەڵکو نزیکی لە بازنەکانی بەیار لە ناو ئەو ڕەخنەراوانەدا دەبێتە تاقە پێوەر بۆ بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکان. ئەم شێوازە لە بەڕێوەبردن بووەتە هۆی ئەوەی کەمینەیەکی دەست ڕەیشتوو دەست بەسەر داهات و هێلکاندا بگرن، لە کاتێکدا زۆرینەی خەڵک لە مافەکانیان بەبەش دەکرێن و دادپەروەری لە گۆشەی نیشتماندا بۆ تەواوی هوو لە نەمانی یەکجارەکی دەکات.

کاریگەرییە خراپەکانی ئەم باڵادەستییە تەنیا لە ئابووری و بەڕێوەبردندا کورت نە بوونەتەوە، بەڵکوو بۆ شێوەیەکی زۆر زۆق و بەواتا ،درێژبوونەتەوە بۆ ناو کایەی بیرکردنەوە، وێژە، هونەر و ڕۆژنامەگەری. کاتێک ناوەندەکانی بڕیاوکردنەوە، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەکرێنە ئامرازی خزمەتکردنی بەرژەوەندییە بەیارە داڕژراوەکان، هووبەرێک بۆ دەنگی ئازاد و پێنووسی سەربەخۆ نامێنێتەوە. هووناکبیرو نووسەر، کە دەبینن سەکەکان تەنیا بۆ پەسەندکردن و پیاهەڵدان کراوەن و دەستکەوتە وێژەییەکان دەبنە ئامرازی ململانێ، تووشی پەراوێز خستن و بێهیوایەکی بێهوودە دەبن. ئەم دەستەوەردانە بەردەوامە بزووتنەوەی کەلتووری دەستپاچە دەکات

و ڕێگە لە لەدایکبوونی وێژەی خاوەن ڕەخنەی دروستکەر و بەپێز دەگرێت. بەیە کەمبوونەوەی ئەو هەژموونە لەم کایەیەدا، تاقە ڕێگەیە بۆ گەڕاندنەوەی شکۆ بۆ پێنووس و ڕەخساندنی کەشکی ئازاد کە تێیدا بۆاوکردنەوەی نووسین لەسەر بنەمای بەهای وێژەیی و هزری بێت، نەک لەسەر بنەمای ڕێزامەندی و لایەنگیریی هەزۆ بەیار بەدەستەکان.
ئەو لایەکی تریشەوە، سەربەخۆیی دادگا و دامەزراوە دادوەرییەکان لەژێر بەزاندنی بەردەوامی بەیاری لایەنەکاندا بۆ تەواوی کابینەوەتەوە. کاتێک یاسا ناتوانێت پارێزگاری لە مافی کەمینەستەکان بکات و لە بەرامبەر دەست ڕەیشتووەکاندا بەدەستهێنات دەکرێت، بۆوای تاک بۆ تەواوی بۆها نیشتمانییەکان لاواز دەبێت و هەستی نامۆبوون لە ناو خاکی خۆتدا دروست دەبێت.
هاوکات باڵادەستیی دەستەگەری بەسەر دەزگا ئاسایشی و سەربازییەکاندا، پەیامی پیرۆزی ئەو ناوەندانەی شێواندووە و لە پارێزەری سەروەریی نیشتمانەوە گەڕیوینی بۆ ئامرازی پاراستنی دەسەڵات.
گەر ئایندەیەکی سەقامگیر و بەردەواممان دەوێ، پێویستە جومگە نیشتمانییەکان بۆ تەواوی لە ژێر کاریگەریی ململانێکان دەربکرێن و بگەڕێنرێنەوە بۆ خزمەتی گشتی.
بەبەشکردنی کەمەگە لە تواناکانی خەڵک و بەستنەوەی سەرچەم دەروازەکانی ژیان بۆ لایەنگرییەوە، ڕەوتی بەرهەمهێنان و داهێنان بۆ تەواوی پێک دەخات. کاتێک گەنجان، شارەزایان و هەڵگرانی بڕوانامە بەرزەکان دەبینن دەسەزییان بۆ نیشتمان و زانستەکەیان ڕێگەی کارکردنیان بۆ ناکاتەوە، بەهێوایی سەرتاپای کەمەگە دەگرێتەوە. ئەمە زیانێکی گەورە بۆ ڕەوتی گەشەسەندن دەگەیەنێت و کەمەگە لە سەرمایەی سەردەمیی خەڵک بەبەش دەکات. نیشتمانێک کە تێیدا باڵادەستیی دەستەگەری جێگەی یاسا و دەوڵەتداری بگرێتەوە، بەردەوام لە ناو مەترسیی ئاڵۆزی، ناڕەزایەتیی بڵپسانەوە و پەرتبوونی ناوخۆییدا دەژیت.
ئەم دۆخە نالەبارە وایکردووە کە کەمەگە لە ناو بازنەیەکی داخراوی بێئومێدیدا بخولێتەوە، کە تێیدا تاکی هۆشیار هەست بە پەراوێزخرانی تەواو بکات. کاتێک داهێنەرێک یان لێکۆڵەرێک نازانێت دەستکەوتەکانی بۆ خزمەتی نیشتمانەیان بۆ بەهێزکردنی بازنەی دەسەڵاتی دەستەیەک، بزوێنەری ناوەکیی داهێنان ڕووی لە کوژانەوە دەکات. جیاوازیی چینایەتی تەنیا لە ڕێهەندی دارایی و سەرمایەدا ڕێنگ ناداتەوە، بەڵکوو جیاوازیی لە ماف، لە دەرفەتی ئاخاوتن، لە بەدەست هێنانی هێلی کار و لە بەکارهێنانی کایە گشتییەکاندا دروست

دەکات. ئەم نا هاوسەنگییە کۆمەڵایەتییە سەقامگیریی دەروونی و بنەماکانی پێکەوەژیان لەناو دەبات و داهاتووی نەوەکانی داهاتووش دەخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە.
لە دەبەت ئەو ڕاستییە بە هەڵوونی دەستنیشان بکرێت کە کەمبوونەوەی هەڵەی دەستوەردانی لایەنەکان، نەک مەترسی و هەڕەشە نییە، بەڵکوو پێویستیەکی مێژووییە، کۆمەڵایەتی و نیشتمانییە. تەنیا لە ڕوگەی دوورخستنەوەی دەسەڵاتی هێزها لە ناو تەواوی کایەکانی ژیانداە، زەمینە بۆ سەروەریی یاسا، بنبڕکردنی جیاوازیی چینایەتی، و دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر دەرخسێت کە تێیدا ماف و شکۆی هەموو هاوڵاتییەک بۆ جیاوازی پارێزراو بێت. پاشکشەی هێزمووونی هێزکان سەرتای لەدایکبوونەوەی سەروەریی یاسایە، نەبوونی ئەم پاشکشەیش درێژدانە بە سێنەوەی بەها نیشتمانییەکان.

ستار ئەحمەد